ڕاپۆرتە هەواڵ

# لە یادی 20 ساڵەی دامەزراندنی

# یانەی کوردی "میدیـــا" دا

# کۆڕێکی شیعری لە لاهای  پێشکەشکرا

ڕاگەیاندنی "میدیـــا"

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 13–06– 2009 کاژێر 16.00ی پاشنیوەڕۆ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوسەران و ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تاراوگە لە شاری دەنهاخی هۆڵەندە لە یادی 20 ساڵەی دامەزراندنی یانەی کوردی "میدیـــا" دا کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە پێشکەش کرا، کە شاعیرانی هەست ناسک (سابیر سدیق) لە سوید، (بەرزان هەستیار) لە ئەڵمانیا و خاتوو (ڤینۆس فایەق) لە هۆڵەندەوەی بانگێشت کرا بوون، کۆڕەکە لە کەشێکی ڕۆمانسیانە و شاعیرانەی پڕ غوربەتتدا، بەڕێوەچوو، کە خوێنەران و عاشقانی پەیڤە جوانەکانی سەرسام کردبوو.



سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەری کۆڕ (سەردار فەتاح ئەمین)، بە خێرهاتنی ئامادەبووان کرا و تەمەنی بیست ساڵەی "میدیـــا"ی بە ئەزموونێکی پڕبەخشش لە کار و چالاکیدا وەسف کرد و ئاماژەی بەوەدا، "میدیـــا" وەک ڕێکخراوێکی سەرتاسەری لەسەر ئاستی گشتی هۆڵەندە، کاری کردووە و لە کۆمەڵێک شاری هۆڵەندە لق و بەشی هەیە، کە وەک تیمێکی یەکگرتوو، چالاکی هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتی و کلتوریان ئەنجام داوە.

پاشان باسی ئەوەی کرد "میدیـــا" لە پلانیدایە، لە هەموو ئەو شارانەی، کۆمەڵگەی کوردی تێدا چڕبۆتەوە و بۆشایی ڕێکخراوەیی تێدا هەست پێدەکرێت، هەوڵ دەدات چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان تێدا ئەنجام بدات و بواری دروستکردنی ڕێکخراوی "میدیـــا"ی تێدا بڕەخسێنێت.

* لە تەوەرەیەکی دیکەدا شاعیرانی بانگێشت کراو دەستیان بە خوێندنەوەی شیعرەکانیان کرد و سەرەتا (بەرزان هەستیار) گەشتێکی بە ناو دیوانە شیعریەکانی خۆیدا کرد و چەپکێکی هەڵبژاردەی لەشیعرە چاپکراو و چاپنەکراوەکانی

**خوێندەوە، بەرزان دیوانەکانی بریتین لە (نەوەیەک پیرە منداڵ، بە تەنیشت فەنا بوونەوە، ساڵێک لە نیگەرانی و گوناهەکانی دڵنیایی). لە چامەی (نیشتمانێک مات وەک خۆم ) هەستیار ئەم کۆپلانەی خوێندەوە:**

**چەند جوانە نیشتیمان،**

**بێ ئەوەی ئارایشت بکات ،....**

**لەگەڵما دێتە ئاهەنگ و**

**سەما ئەکات و گۆرانیش ئەڵێت ،**

**لە ناکەس بەچەیی کوڕەکانی نەبێت ،...**

**شەرم لە سادەیی خۆی و**

**لە بێکەسیی خۆی و**

**لە نابووتیی خۆی  ناکات ؛**

**لەوەتەی هەیە نیشتیمان ،**

**وەکو دایکم.....**

**هەر خەریکی منداڵ بوون و**

**گسکدان و**

**قاپ شۆرین و**

**جل شتن و**

**میوان بەڕێ کردنە،**

**وەک نەنکیشم .....**

**دەستەکانی ئەلەرزن و**

**چاوانی ، کز ،**

**لە نێوەندی شەقامێکی قەرەباڵغدا**

**هۆڕنی ماشێنەکان کاسی ئەکەن و**

**کەس نییە بیگەیەنێتە سەر شۆستەکە**

***********

نیشتیمانە بێ دەرگاکەم ،

نیشتیمانە بەرەڵڵاکەم ،

نیشتیمانە فریشتەکەم ،

نیشتیمانە نورانییەکەم ،.....

هەموو ڕۆژێک  ئەیبەنە بەر دەروازەکەی بەهەشت و

ناشهێڵن بچێتە ژووری،

ڕۆژ نییە نەیگەیەننە بەر قاپیی دۆزەخ و

سووتانی خۆی پیشان نەدەن ؛

نیشتیمانە وەحشییەکەم، ئەلف و بێ جیا ناکاتەوە و

ئەدرێسی خۆی لەبەر نییە،

هەموو ڕۆژێک لە کۆڵانەکەی خۆشمانا ون ئەبێت و

ئەبێت دراوسێ حیزەکان بیهێننەوە.



* پاشان ڤینۆس فایەق چەند چامەیەکی نوێی خۆی خوێندەوە، ڤینۆس دەرچووی بەشی فەلسەفەی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدایە، شیعرەکانی ئەم کۆڕەی  بە ناونیشانی (جۆبیتێر، تیمۆجین، ساموورای) بوون.

شایانی باسە ڤینۆس یەکیکە لەو دەنگە شیعریانەی لە دوای نەوەدەکانەوە، توانیویتی جێپەنجەی خۆی لە بواری نوسین و شیعر و ڕۆژنامەنوسیدا بکاتەوە و چەند کتێبێکی تا ئێستا چاپ و بلاوکردۆتەوە، (گوناهە جوانەکان) کۆمەڵە شیعر لە هۆڵەندا چاپکراوە، هەمان دیوان بە کرمانجی سەرو لە تورکیا چاپکراوە، دیوانی (اطلاء الاظافر – بۆیەی نینۆک)، بە عەرەبی لە قاهیرە چاپکراوە، کتێبێک سەبارەت بە چاکسازی لە سلێمانی چاپکراوە، وەرگێڕانی نامیلکەیەک لەسەر (ڕۆژنامەگەری بە داوداچوون– الصحافە الاستقصائیە). هەروەها ڕۆمانێکی بە زمانی عەرەبی بە ناوی (خریف الاصابیع – پایزی پەنجەکان) ئامادەی چاپە، ئەم نموونەیەش کۆپلەیەکە لە شیعری (جۆبیتێر):

جۆبیتیر

لە پیاوانی ئەم شارە بەتاڵمکەرەوە

لە ژنە ترسنۆکەکان

لە دوعاکانی دایکم

لە کتێبەکەی دەستی باوکم

لەقەسوەتی مێژوو بمتەکێنە

لە جۆگەلەیەکی سەرهەڵگرتوو هەڵمکێشە

جۆبیتیر

دوێنێ خۆمم لەژورێکی حزبێکدا سەبڕی

بەدیار درێژەی هەواڵێکەوە خۆم ژەهرخوارد کرد

وازم لە خوێندەواری هێنا

هەموو کتێبەکانم بیرخۆم بردەوە

لەبەر شاشەی کۆمپیوتەرکەما

بەدیار وتارێکی درۆزنی نوسەرێکەوە

چاوەکانی خۆمم هەڵکۆڵی

لەداخ دەنگی سەرۆکەکان پەردەی گوێچکەمم دڕی

جوبیتیر

ئەی ئەزیزترین ئازیز

**تۆ درەنگ هاتی**

**بەڵام فریای پاشماوەی نەمردووی جەستەم کەوە**

**لەو هەموو شەڕە بەتاڵم کەوە**

**لەو هەموو رەنگە رژاوە**

**لەو هەموو دەنگە**

**لەو هەموو لیستە**

**لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان**

**بەبەرچاوی خێڵەوە خوێنبەری دەستی چەپم ببڕە و**

**پڕمکە لە راکردن**

**پێکەوە ئەڕۆین و**

**ئەگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و**

**دەستپێ ئەکەینەوە**

**لەمڕۆوە تۆ نیوەکەی تری منبە**

**بۆ لەمەودوا منیش تۆ تەواو ئەکەم**

*** لە کۆتاییدا شاعیر سابیر سدیق، چەپکێک شیعری هەڵبژاردەی خۆیی خوێندەوە، سابیر وەک پێشکەشکەری کۆڕ ئاماژەی پێدا، یەکەم شیعری 34 ساڵ لەمەوبەر (تۆ هەوریت و بارانی خەم بەسەر مندا دەبارێنی) ساڵی 1975 لە ژمارە 25 گۆڤاری بەیاندا بڵاوکردۆتەوە، ئەو شیعرە وەستایی و دەستڕەنگینی شاعیری خۆی لە تەمەنێکی بەهاری 17 ساڵیدا سەلماندووە، سابیر لە کۆپلەیەکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:**

**تۆ هەوریت و بارانی خەم**

**بەسەر مندا دەبارێنی**

**ڕەشەبایت و گوڵی جوانیم**

**لە بەهاردا دەوەرێنی**

**شاعیر ساڵی 1958 لە گوندی گریانە لە دایک بووە، ماوەی سی ساڵ زیاترە بە بێدەنگی دەنوسێت و یەکێکە لەو دەنگە دیارانەی توانیوێتی ببێتە خاوەنی دەنگ و ڕەنگی شیعری تایبەت بەخۆی.. تەمەنی گەنجی و لاوی خۆی لەو شاخ و کێوە لەسەر خاک و لەنێو هەوای ئازادیدا لە نزیک سەنگەری پێشمەرگە بەسەر بردووە و یەکێک بووە لە نوسەرانی شاخ،**

پاش (ڕاپەڕین) و .. کۆنگرەی ڕاپەڕین بەیارمەتی نوسەر و ڕۆژنامەنووس (ئەحمەد عارف) یەکێتیی نوسەرانی کەرکوکیان ژیاندەوە، دواتر لە دامەزراندنی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە.

لە ساڵی 1997 تا 2001 بەردەوام لە دەستەی بەڕێوەبەری ئەو بنکەیەدا کاری کردووە لە بەشەکانی ئیدارە و ڕووناکبیریدا بۆ ماوەی ساڵێکیش بەڕێوەبەری بنکەکە بووە.

لە ساڵی 2001 ەوە پەڕاگەندەی هەندەران بووە و ئێستە لە سوید دەژی.

یەکەمین کۆمەڵە شیعری سابیر لە ناوەڕاستی هەشتاکان بە ناوی (باهۆز) لە گوندی یاخسەمەر لە چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف چاپکردووە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی شاخ، پاشان بەرهەماکانی لە پێشمەرگایەتیدا، لە گۆڤاری (گزنگ، نوسەری کوردستان، نوسەری چیا)دا بڵاودەکردەوە.

دووەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (بوومە لێڵ) لە سەقز لە ساڵی 1988 دا چاپکردووە و هەمان ساڵ قەسیدەیەکی درێژی بە ناوی (غوربەت سەری سپی کردم) لە سەقز بڵاوکردەوە.

لە پاش ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوە ساڵی 2007 کۆمەڵە شیعری (هەناسە حەرامەکان) و ساڵی 2009 (فاکسە شینەکان) چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

لەم کۆڕەدا شاعیر کۆمەڵێک چامەی کۆن و نوێی خۆی خوێندەوە وەکو (چۆلەکەکانی حسین میسری، غوبـــار، کەسێک لە باران دەچوو... هتد.

سابیر لە شیعرێکیدا بۆ سەلاح محمدی جوانەمەرگی هاوڕێی و گۆیژە و بەفر و ڕیشۆڵەکانی.... دەڵێت:

کاتێک ..

بایەکی سارد

بەفیزەوە

لێرەوەدەڕوا و

لا لەغەریبیم ناکاتەوە

بەهەق ..

تامەزرۆی گریان و

تامەزرۆی دیدارم

دیدارێک پڕ لەئومێد و سەبووری

دیدارێک ..

خۆمانە وەکو جاران

دوور لەمەراق و

دوور لەغووبار و

دوور لەعەزاب،

لەنزیکەوە

هاژەمان بێت لەشیعر و

لەدورەوە ،

شین شین بچینەوەوەک باخ

دیدارێک،

لەبەر هەتاو

نزیک گوڵەبەڕۆژەکانی ڤانکوخ



جار جار جوانی،

بێ غەلوغەش

دەستێک بێنێ بەسەرمانا و

جار جار وەتەن،

غەشیمانە

چاوێکمان لێداگرێ ..

لە کۆتاییدا لە لایەن ئەندامانی سەرپەرشتکاری "میدیـــا" پەیمان سەرهەنگ، مەبەست جەعفەر و سمکۆ ڕەشید، کە لە کادرە بە ئەزموون و چالاکڤانەکانی بواری ڕێکخراوەیین و ماوەی 10 ساڵ زیاترە، لە ڕێکخراوی "میدیـــا" دا وەک سەرپەرشتکار و ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی کاردەکەن، سێ دیاری بەنرخ پێشکەش بە شاعیران کران و هەروەها لە لایەن موحەمەد جەزا بەرزنجی بە ناوی یەکێتیی نوسەرانی کورد لە هۆڵەندەوە، شاعیر لەتیف عومەر بە ناوی خۆیەوە گوڵی ڕێزلێنانیان پێشکەش کردن.

هەروەها لە لایەن "میدیـــا"و ڕێکخراوی گەنجانەوە، چەپکە گوڵی ڕێزلێنان پێشکەش بە ئەزمونی 15 ساڵەی (سەردار فەتاح ئەمین) کرا، بە بۆنەی کارکردنی لە کاری ڕێکخراوەیی و "میدیـــا"دا. شایانی باشە کۆڕەکە بەسەرکەوتووی کۆتایی هات و سێ سەعاتی خایاند.